# یەک منداڵ
## چەندین زمان

منداڵی چەندین زمانیی هەر زوو فێری
ئەوە دەبێت کە زمانەکانی خۆی لە یە ك
جیابکاتەوە وزۆرجارلەباری زمانەوە
زیاترهوشیاروزیرە کترئە بێت زووتر لە منداله
یەک زمانییەکان.

لە ماوەی جیاجیای ژیانیدا زمانە جیاوازەکانی
منداڵەکە زاڵ دەبن.

**زانینی زمانێک بە باشی ئەوەیە کە ئەو کەسە لەو ژینگە یە ی تیایدیایەتی وەگەڕکەوێت.**

**ئەگەر ژینگە دەوروبەرەکە چەندەها زمانیی بوو ئەوا منداڵەکە پێویستی بە هەموو زمانەکان دەبێت.**

**پێداویستیی بە هاوبەشێتیی لەگەڵ ئەو مرۆڤانەی منداڵەکە خۆشیدەوێن و لە نزیکیانە بڕیاردەرە بۆ ئەوەی کە منداڵەکە کام زمانە یان کام زمانانە فێر ببێت. پێویستیی هاوبە شێتی لە گە ل مرۆڤانی ترکە مناڵە کە خۆشیانی ئە وێت وهە ست بە نزیکییان ئە کات، مە رجە بۆ کامە زمان یان زمانانی کە مناڵە کە لە داهاتودا فێریان ئە بێت.**

باشترین ڕێگە بۆ ئەوەی منداڵەکەت فێری زمانەکەی تۆ ببێت ڕێگای دڵخۆشی وحە ز هە وە سە. بۆیە هەوڵ بدە کە منداڵەکەت هان بدەیت کە مەیل بۆ ئەو زمانە پەیدا بکات ئەویش بەوەی کە گۆرانی بۆ بڵێیت، یاری لەگەڵ بکەیت و چیرۆکی بەسەرهاتی بۆ بگێڕیتەوە. کە منداڵەکە گەورەتر بوو ئەوا پێکەوە شت بخوێننەوە. **کتێبخانە پەرتووکی هەیە بۆ منداڵ کە بە چەندین زمانی جیاواز نووسراون.**

## هیچ شتێک جێی ئەو وردە قسەکردنە هاوبە شە ناگرێتەوە کە تۆلەگەڵ منداڵەکەت دەیکەیت

باشترین ڕێگا بۆ ئەوەی منداڵەکە فێری قسەکردن ببێت - بە بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە یەک زمانە یان چەند زمانێکە - هاوتاهەنگیە لەگەڵ تۆدا یان لەگەڵ کەسێکی تردا. ڕادیۆ، تەلەفزیۆن و ڤیدیۆش وردە وردە یارمەتییەک دەبێت بۆ ئەوەی زمانی منداڵەکەت گەشە بکات. بەڵام هیچ شتێک جێی ئەو وردە قسەکردنە ناگرێتەوە کە تۆ ومنداڵەکەت بە هاوبە شی دەیکە ن.

## کەی پێویستە پیاو پەیوەندی بکات بە زانای ڕاستکەرەوەی هەڵەی وتەق (LOGOPED)؟

ئەگەر وات هەست کرد گەشەکردنی زمانی منداڵەکەت لەسەرخۆتر دەڕوات وەک لە منداڵەکانی ترت یان منداڵی تری هاوتەمەنی ئەو کە لەهەمان بار و دۆخ و تەمەندان.

ئەگەر منداڵەکەت لەشوێنێک دانرابوو کە هەر بە زمانی سویدی قسەی تیا بکرێت (وەک پلەی پێش خوێندنگە، دایەن) ماوەی 1,5 تا 2 ساڵ و لەگەڵ ئەوەشدا هەر قسە نەکات بە زمانی سویدی ڕۆژانە، کە نابێ وابێت.

ئە وسا پەیوەندی بکە بە سیستەری بنکەی چاودێری نەخۆشیی منداڵان و یان بە زانای ڕاستکەرەوەی هەڵەی ووتەق/پسپۆڕی چاودێری و ڕاستکەرەوەی دەنگ و قسەکردنەوە.

© Monica Westerlund, docent, leg. logoped

# پیرۆزباییت لێدەکەین

**منداڵەکەی تۆ یەکێکە لە ملیۆنەها منداڵی کە لە خێزانێکدا گەورە دەبێت و پێدەگات کە بە چەندەها زمان قسە دەکەن.**

## لەگەڵ منداڵە کۆرپەکەت وردە قسە بکە و گۆرانی بڵێ بە "زمانەکەت کە لای دڵت شیرینە"

پیاو چەند باشتر زمانی زگماکی خۆی بزانێت ئەوەندە زیاتر هەلومەرج و زەمینەی بۆ فێربوونی زمانێکی تر هەیە.

پیاو چەند زیاتر گوێی لە زمانێک بێت و قسەی پێبکات ئەوەندە زیاتر کارامە دەبێت.

بە یاریکردنی منداڵ لەگەڵ منداڵانی تردا هاوئاهەنگیی و توانای زمانیی منداڵ گەشە دەکات. هەر بۆیە کارێکی باشە کەمنداڵ چاوی بەو منداڵانەی هاوتەمەنی خۆی بکەوێت و بیانبینێت کە بە هەمان زمان قسە دەکەن.

## فێربوونی زمان زوو دەست پێدەکات

منداڵ جارێ هەر لە سکی دایکیایەتی دەنگی زمانی دایکی خۆی دەناسێتەوە. تاقیکردنەوە ئەوەی سەلماندوە کە منداڵی کۆرپەی تەمەن چوار ڕۆژ زمانی دایکی خۆی پێباشترە ئەگەر ژنێکی تر قسەی پێدەکات وەک لەوەی هەمان ژن بە زمانێکی تر قسە بکات.

زمانی گرۆگاڵی منداڵی کۆرپە دەنگی هەموو زمانەکانی جیهانی تیایە بەڵام منداڵەکە تەنها دەنگی ئەو زمانەی بیردێتەوە کە لە دەوروبەری قسەی پێدەکرێت.

لەتەمەنی 10 مانگیدا منداڵەکە بە مۆنۆلۆژی گرۆگاڵێک "قسە دەکات" بەو ڕیتم و پیتگرتن/ددانپیانانەی کە لە زمانی دەوروبەری منداڵەکە دەچێت.

## منداڵ چۆن وای لێدێت کە بە چەند زمانێک قسە بکات؟

لەبەر ئەوەی کە زمانی سویدی دەبێتە زمانی زاڵ بۆ منداڵەکەت ئەویش بەهۆی هاوڕێ و خوێندنگاوە بۆیە ئەوە گرنگە کە منداڵەکە لە زۆربارودۆخی جیاوازدا زمانی خێزانەکەی بگاتێ وتیا بەشداربێت.

بە ردە وام بە لە بە کارهێنانی زمانی زگماك تە نانە ت ئە گە رمناڵە کە ت بە زمانی سویدی وە ڵام بداتە وە. هانی منالّە کە ت بدە کە زمانە هاوبە شە کە ی ئێوە بە کار بهێنێت.

نیشانی منداڵەکەت بدە کە تۆ شانازیی دەکەیت بە زمانەکەی خۆتەوە ئەگەر چی ئەوانی تریش بەو زمانە قسە نەکەن.

ئەگەر نە تۆ و نە هاوسە رەکەت هیچتان زمانەکەتان سویدی نەبوو ئەوە گرنگە کە هەردوکتان پێتان باش بێت و بەلاتانەوە پۆزیتیڤ بێت کە منداڵەکەتان فێری زمانی سویدی ببێت. ئە گە ر ئێوە زمانی جیاوازتان هە بوو، ئە وسا گرنگە هە درووکتان زمانی یە کتر بە بە ها وگرنگ دابنێن.

## گەشەکردنی چەندین زمانیی

ئەو منداڵەی کە لەگەڵ چەند زمانێکدا پێدەگات و گەورە دەبێت لە هەمان تەمەندا دە ست بە قسە دەکات وەک منداڵەکانی کە هەریەک زمان دەزانن.

گەشەکردنی چەندەها زمانیی لەسەر هەمان شێوە و پرینسیپی گەشەکردن دەڕوات وەک منداڵێکی یەک زمان.

Sorani

Språknätet

BVC Bibliotek Öppen förskola Logopedi

سپرۆک نێتەت "Språknätet" هاوکاریەکە لە بەینی بی.ڤی.سی، کتێبخانە،
باخچەی کراوەی منداڵان و شارەزای دەنگ و گوتن لە هەرێمی ووپسالا.

لە ماڵپەری سپرۆک نێتەت "Språknätet" زانیاری و ڕێنمای زیاتر هەیە دەربارەی
پێشکەوتنی زمانی منداڵان: *www.spraknatet.se*

Text: Monica Westerlund, docent, leg. logoped. Foldern är uppdaterad 2019. Grafisk produktion: Byrå4.